

# شایستەترین تەسریحەی قژی هەڵگیراو



خانمان گرنگی بە گشت خاڵەکانی جوانکاری و ناسکی جەستە دەدەن، تەنانەت شێوازی هەڵبژاردنی جلەکان و شێوازەکانی مۆدە دەبێ بە پێی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان بێ، یەکێك لە شێوازەکانی مۆدە بریتییە لە تەسریحەی قژ، جوانی تەسریحە پابەندە بە جوانی قژەوە، تەنانەت دەبێ لەگەڵ ڕەنگی پێست و ماکیاژیشدا تایبەتمەندی و ڕازاوەیی خۆی وەربگرێ. لەم ڕێگەیەشدا مۆدەکانی تەسریحە چەندین جۆر و ستایلی گۆڕاوی هەیە، ئەمەش وادەکات ببێتە مۆدەیەکی ڕازاوە لە تەسریحەکاندا.

خانمانی بووك یان ئەوانەی خۆیان بۆ ئاهەنگەکاندا ئامادە دەکەن، دەبێ سوود وەربگرن لە شێوەی تەسریحەکانی پێشوو، بۆ ئەوەی ستایلێکی لێوە دروست بکەن، یان ئەو جۆرە تەسریحەیە هەڵبژێرن کە لە حەز و ویستی خۆیان جوانە و بە ناسکیش لەسەر قژیان دەردەکەوێ، یەکێك لە جوانترین تەسریحەکان بریتییە لە هەڵگرتنی قژ بە پێی جوانییەکی ڕازاوە و کراوەدا.

# بۆدی مۆدەیەکی نوێ بۆ وەرزی بەهار



جلەکان بەپێی وەرزەکان گۆڕانکاری تازەیان بەسەردا دێ، بۆیە پێویستە خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە بن و لەگەڵ مۆدە تازەکانەوە دەستە جلەکانیان بگۆڕن، ئەمەش وەك سەرەتایەك بۆ هەنگاوی داهاتووی گۆڕانکاری لە مۆدە و جلەکاندا، هاتنی وەرزی بەهار کە چەند ڕۆژێکی ماوە، پێویستی بە جلێکە بە شێوازێکی ناسك و سادە دەربکەوێ، لەم وەرزەدا زیاتر بۆدی و قەمیس دەبێتە مۆدە.

یەکێك لە جوانترین مۆدەکان بریتیە بۆدی، شێوازی بۆدی شێوەی کچ بچووکتر خۆنیشان دەدات و، جوانییەکی ڕازاوە و ناسکیش دەبەخشێ، بۆیە لە ڕێگەی بۆدی ڕەنگاوڕەنگ و تەسکەکانەوە مۆدەیەکی شیاو بۆ وەرزی بەهار تەرخان بکەن و جوانییەکی ڕازاوەش بە جەستەتان بدەن.

# ئێلەگ جلێکی ڕازاوە و سەرەنجڕاکێش لە کوردستان



مۆدەکانی جلوبەرگ لە کوردستان ڕۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێ و لە مۆدەی تازە و پێشوودا شێوازێکی دیکە دەگرێتە بەر، بۆیە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك شێوازێکی تازە دەردەکەوێ و مۆدەی دیکە دەبنە مۆدەی ئەو سەردەمە، جوانی جلیش کاتێك دەردەکەوێ کە لەگەڵ جوانی جەستەی خانماندا بگونجێ.

یەکێك لە جلەکان کە لە کوردستان وەك مۆدەیەکی باو دادەنرێ، ئەویش بریتییە لە کراس کە بەشی سەرەوەی بە ئێلەگی کورت داپۆشراوە و ئەمەش یەکێکە لە باوترین مۆدەکانی جل، جوانی ئەو کراسە لە جوانی ئێلەگەکەدا دەردەکەوێ، جوانی ئێلەگ خانمان ڕازاوەتر و جەستەیان جوانتر دەربخات. بۆیە ئەو مۆدەیە یەکێکە لە جوانترین جلەکان بۆ گشت خانمان.

# ڕێکخستن و گونجاندنی گوارە لەگەڵ جلەکاندا



ئێکسسوارەکان بە گشت جۆرەکان کار دەکەن لەسەر جوانکردنی جەستەی خانمان، بە جۆرێك لەگەڵ هەر جلێك و ڕەنگی پێستدا شێوازێکی جوان و ناسك لە خۆ دەگرن، بەمەش دەبێتە شیاوی مۆدەیەکی تایبەت و ڕازاوە، کە بە گوێرەی ڕەنگ و شێوەی ستایلەکاندا دەردەکەوێ، ئێکسسواری لەم جۆرە بە شێوازێك دەبێ، کە پابەند دەبێ بەو جۆرە ستایلەی بۆی هەڵبژێردراوە، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە گونجاندن لەگەڵ مۆدەکانی دیکەی جلەکان دەربخات.

یەکێك لە ناسکترین ئێکسسوارەکان بریتییە لە (گوارە) کە دوو لایەن لە سەری خانمان جوان و ڕازاوە دەکەن، گوارەکان لەگەڵ شێوازی مۆدەکاندا دەبێ، لە کاتێکدا هەر ئێکسسوارێك پێویستی بە ڕازاوەیی لە مۆدەکان دەبێ، سەبارەت بە ڕەنگەکانیش پێویستی بە گونجاندنە لەگەڵ هەر جل یان دەبێ لەگەڵ ڕەنگی پێست ڕازاوە بێ.

# پانتۆڵی جینز شێوازێک بۆ جوانیت



لەگەڵ گۆڕانکاری بەسەر مۆدەکاندا ئەمەش بەپێی کاتەوە بەندە و شێوازێکی تایبەت لە خۆ دەگرێ، جلەکانیش تایبەتمەندی و کراوەیی خۆی دەنوێنێت کاتێك لە هەر بۆنە و شوێنێك دەردەکەوێت، جوانی جلەکان شێوازێکی تایبەتە لە ستایلی خانمان، چونکە بەهۆی هەڵبژاردنی نێوان کۆمەڵە جلێك، دەبێتە بارێکی نەگونجاو لەبەردەم خانمان کە چ جۆرە جلێك هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە مۆدەی جەستە و شێوازی جوانیان ڕەنگ بداتەوە.

یەکێك لە جوانترین و سەرەنجڕاکێشترین جلەکان، بریتییە لە جلی دروستکراو لە (جینز) کە لەلای خۆمانەوە بە کاوبۆی ناسراوە، جوانی جینز لەگەڵ جەستەدا دەردەکەوێ، جوانی بە شێوەیەك سەرتاپای جەستە دەردەخات، ئەمەش کە لەگەڵ جەستەی خانماندا و ڕازاوە دەبێ، هەوڵبدە پانتۆڵێکی جینز لە قەبارەی جەستەی خۆت هەڵبژێری و بە ڕازاوەیی پێوە دەربکەوێ.

# قەڵای شێروانە هێمایەک بۆ ئازایەتی و دیمەنێک بۆ جوانی

ئاسەواری کوردستان و شوێنە گەشت و گوزارییەکانی، بە چەندین دیمەنی جوان و سەرسوڕهێنەرەوە خەڵکی رادەکێشن، ئەمەش وەك چەندەها ئاسەوار و شوێنە کۆنەکان، یەکێك لەو ئاسەوارە کۆنانە بریتییە لە (قەڵای شێروانە)، ئەو قەڵایە دەکەوێتە شارۆچکەی کەلار کە سەر بە سنووری شاری سلێمانییە، مێژووی ئەو قەڵایە دەگەڕێتەوە سەردەمی (محەمەد پاشای کەیسەربەگی سلێمان بەگ جاف) کە سەرۆکی هۆزی جافەکان بووە، سەرەتای دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٨٣)ی کۆچی واتە (١٢٢٨)زایینی لەلایەن (مەحەمەد پاشا) فەرمانی بۆ دەرچوو کە دەست بە دروست کردنی ئەو قەڵایە بکرێ، کە وەك قەڵایەك بۆ راپەڕاندنی کاروباری سەربازی دروست کراوە، بۆیە بەم ناوە ناسراوە وەك ناوەکەی لە (کۆشکی شێر) وەرگیراوە، ئەو قەڵایە بە شێوەی لاکێشە دروست کراوە و بەڵام کاتێك دەچیتە ژوورەوە لە شێوەی چوارگۆشە دەردەکەوێ، کە لە ژوورەوە چەندین نهۆمی لەسەر یەك لە خۆدەگرێ و بە ئەندازەیەکی سەیر دروست کراوە. ئێستاش وەك شوێنەوارێکی جوان دەناسرێ و ئاڵای کوردستانیش بەسەرییەوە دەشەکێتەوە.





## گوێ درێژ کردن شێوازێک بۆ جوانی

شێوازی جوانی لە هەر هۆزێك یان نەتەوەیەك یان وڵاتێك جیاوازی هەیە بە پێی شێواز و نەریتەکان، چونکە هەر یەکە بەپێ حەز و ئارەزووی خۆی کار دەکات بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان نیشان بدات، بەڵام لەلای ئەو هۆزە سەیرە، کە بۆ ئەوەی جوان بن، لە باشووری چین، هۆزێك هەن، جەستەی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی جوان بن، ئەویش لە رێگەی درێژ کردنی گوێچەکان، کە بە چەندین دەرمان و کار و تاقیکردنەوە، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە سەیرترین گوێچەکەکان کە درێژ کراوە و لە خوارەوەش گوارە و شتی بۆ دانراوە کە لەلای خۆیانەوە مۆدەیەکی جوان و رازاوەییە.



## مەترسن ئەوە کەبابە !

ئەگەر رێتان کەوتە خواردنگەیەك و خواردنێکی سەیر هاتە بەردەمتان، هەوڵمەدەن بیری لێ بکەننەوە بۆ ئەوەی بزانن چییە و لە چی دروست کراوە، ئەوەی دەیبینن جۆرێکە لە خواردن، نەکەن بیر بکەنەوە و بڵێن دەستی مرۆڤە و سوور کراوەتەوە، ئەو خواردنە زۆربەمان خواردومانە کە بریتییە لە (کەباب). ئەم جۆرە کەبابە لە وڵاتی ئیمارات دروست دەکرێ و شێوەیەکی سەیری هەیە، کە لە شێوەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ دروست دەکرێ، ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەی، رەنگە قیزەوەن بێ، بەڵام لە نزیکەوە خواردنێکی بەتام و خۆشە.

# خانمە نمایشکار و وەرزشکارێکی بێ قاچ





ئەو مرۆڤانەی کە تووشی کارەساتێك دەبێت بەشێکی جەستەیان لەدەست دەدەن، یان کاتێك لە دایك دەبن و دەبنە مرۆڤێکی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەهۆی ئەوەی بەشێکی جەستەیان نییە، نابێ وابیر بکەننەوە کە ئەوانە کەسێکی بێسوودن، بەڵکو کاری خۆیان دەکەن، وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەژین، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەوانەی بێ قاچە، کە لە تەمەنی منداڵی قاچەکانی براوەتەوە، (ئیمی مولانس) ئەو خانمەیە لە وڵاتی ئەمەریکا دەژی، ئێستاش یەکێکە لە بەناوبانگترین نمایشکاران و پاڵەوانی پێشبڕکێ وەرزشییەکان. بە ڕێگەی دانانی پاژنەیەکی بەرزەوە کە نزیکەی (١٢) سەنتیمەتر دەبێ، توانیویەتی بەسەر کۆسپەکانی ژیانیدا زاڵ بێ، و تواناکانی لە بواری نمایشکاری و وەرزشی دەربخات.

## خانمی بووک لە هۆڵی تاقیکردنەوە!

تاقیکردنەوە ڕێگەیەکە کە کەس حەزی پێناکات و چونکە لەو ڕۆژە دەبێتە دڵتەنگی و دوودڵی، هەروەها ڕۆژی هاوسەرگیری هەمان شێوازە بۆ بووك و زاوا، کەچی وادیارە ئەو بووکە خانە کارێکی تایبەتی ئەنجام داوە، کە هەرگیز کەس بە ئاسانی پێناکرێ، لە وڵاتی (چین) بووکێك بە ناوی (لۆ شینگ شاو)، وای بۆ دانرابوو کە لە ڕۆژێکدا هاوسەرگیری بکات، کەچی وادیارە قوتابی دەبێ و لە ناکاوێك لە هەمان ڕۆژی هاوسەرگیری، پێڕادەگەیەنن کە ئەو ڕۆژی تاقیکردنەوەی هەیە، بۆیە ئەویش بە جلی بووکنییەوە و لەگەڵ کاکی زاوا، دەچێتە قوتابخانەکەی و وەڵامی تاقیکردنەوەی دەداتەوە.



## (ڕەنگاڵە) پێڵاوە سەیر بەرزەکان

ڕەنگە زۆرجار پاژنە بەرزی پێڵاوەکان خولیای زۆربەی خانمان بێ بۆئەوەی درێژیەکی زیاتر بدات بەباڵایان

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاژنەکان بەرزتردەبن و تارادەیەك کە بێ ئەوەی گوێ بدەنە تەندروستیان کە پاژنەی زۆر بەرز بەکاردێهنن، بە مەبەستی مۆدە و دەرخستنی شێوەیەکی دیکە لە جەستەیاندا، ئەوەتا بەشێوەیەکی لێهاتووە تەنها جارێك ئەو پێڵاوە لە بەر بکەیت دڵنیابە توشی نەخۆشییەکانی پشت و فەقەرات دەبیت، بۆیە دەکرێ سوود لە پێڵاوە نزمەکان وەربگرن و ئەمەش بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی و کاری دیکە نەبن.

**ڕەوەند بەختیار**



## خۆشم دەوێی (حەیبە)!




ئەوانەی تابلۆکان دەنووسن، یان دەیانەوێ ڕستەیەك بنووسن بۆ ئەوەیە کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر بکات، کەچی وادیارە ئەو عاشقە بەڕێزە، لەگەڵ ئەوەی نازانێ عەیبە و مەیبە چییە، لە هەمان کاتیشدا نازانێ جیاوازی نێوان (ح ) و(ع) بکاتەوە و بە هەموو دڵی لەسەر ئاوێنەی ئوتۆمبێلەکەی نووسییوە (خۆشم دەوێ حەیبە ).

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شاعیرێکی گەورەی کوردت بۆ دەربچێ.

ن ا ی ع ق

وەڵامی ژمارەی پێشوو (قەڵات)

## نوکته

**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

-یەکێك لەسەر ئاوێکەوە لە خۆیەوە دەڵێ (١٠-١٠-١٠)، یەکێکی دیکەش لە نزیکییەوە تێپەڕ دەبێ و دەڵێ بزانم چییە مەسەلە، دەچێتە لای کەسەکە و دەڵێ (کاکە چییە هەر دەڵێ ١٠-١٠-١٠)، ئەویش پاڵێکی پێوە دەنێت و دەیخاتە ناو ئاوەکەوە و ئینجا دەڵێ (١١-١١-١١)!

***

- ڕۆژێك پیاوێك دەچێتە لای دکتۆر و دەڵێ : دکتۆر هەموو شەو خەون بە یاری تۆپی پێ دەبینم، دکتۆریش دەڵێ: هەوڵبدە ئەو شەو نەخەوی بۆ ئەوەی بزانم چیت بەسەر دێتەوە، پیاوەکەش دەڵێ: دکتۆر ئەوە چی دەڵێی ئەوشەو یاری کۆتاییە!

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە






### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ڕێگەی چارەسەری بەرەو ئەندازەیەکی تازە دەچێ لە کاری داهاتوودا، بۆیە دەکرێ سوود لە هەڵەکانی پێشووت بگری و کاری ئاییندەت بەرەو داهاتوویەکی نزیکدا کاری لەسەر بکەی، ڕێگاکانی سەرکەوتن نزیکە بۆت و دڵتەنگ مەبە.دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ئەم هەفتەیە دەرگای بەختت دەکرێتەوە و هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



کاتێك بە دوای هەڵەی کەسی دیکە دەکەوی، پێویستە ئاگاداری هەڵەی خۆت بی، لە نزیکەوە لە مەبەستنی ئەو کەسە تێبگە کە ماوەیەکە دەیەوێ لێت نزیك بێ، شێوازی ڕەفتارەت گۆڕانکاری دەوێ. داوای لێبوردن لەو کەسە بکە کە دڵت شکاندووە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



کاروبارەکانی خۆت بە خۆت جێبەجێ بکە و کارکردن دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنت لە داهاتوودا، شێوازی مامەڵە کردنت بەرەو ئەنجامێکی باش ڕۆیشتووە و ڕێگەی دڵت بکەوە کاتێك کەسێك لێت نزیك دەبێ و بەڵام بە سنوور بێ.دەبێت خۆت بپارێزی لەتوڕەبوون.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



دوای ئەو ماوە ناخۆشەی بەسەرت برد، دەبێ ئاییندەت گەش بێ و چاوت کراوە بێ، بێ هیوا مەبە کاتێك هەندێ شت دەبینیت بەپێچەوانەی خواست و ئارەزووەکانی تۆ دەبێ، بەڵام گرنگە لە داهاتوودا سەرکەوی و دڵت بە کارەکانی ئێستات خۆش بێ، چونکە باشە بۆ داهاتووت.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ئەنجامی ئەو کێشانە لە دەستە خۆتە کە دەتوانی ڕێگەی چارەسەری بۆی دابنێ و لە کاتێکێکی دیاردا کاری خۆت جێبەجێ بکە و مەترسە لە داهاتوو، بۆیە ئاگاداری ڕەفتاری کەسی بەرامبەرت بە. سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست دەهێنیت، یان کارێکی گرنگ ئەنجام ئەدەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



دوای ئەو ناخۆشیانەی بۆت هاتنە ڕێگات، دەبێ سوود لە کارەکانی پێشووت بگرێ و لە ماوەی داهاتوودا کاتێکی خۆش بۆت دێ و کارکردن لەسەر هیواکانی خۆت جێگەی سەرکەوتن و خۆشی دەبێ، بۆیە لە نیازی کەسی بەرامبەرت مەترسە و ماوەیەکی خۆش لە داهاتوودا دێتە ڕێگەت، ئەویش بە هەمان شێوە بیرت ئەکات، ئەودووریە زۆر ناخایەنێت و لەوانەیە لەکاتێکی نزیکدا یەکتر ببینن.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕێگە چارەی کێشەکان لە دەستە خۆتە و دەبێ بە وریایی و سادەییەوە کاری لەسەر بکەی، لەم ماوەیە تووشی چەندین ناخۆشی دەبیتەوە و ئەمەش وادەکات ببێتە کار ئاسانی بۆ کێشەکانت کە بە تەواوی لە دڵت دەرچن، ڕێگەی داهاتووت خۆش و ئاسوودە دەبێ. لەوانەیە ئەم هەفتەیە زۆر خۆش نەبێت بەبەراورد کردن لەگەڵ هەفتەکانی تر



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەست بە خۆت مەکە کەسێکی فەرامۆش کراوی، بەڵکو دەبێ گرنگی خۆت دەربخەی لەوەی دڵێکی گەورەت هەیە و کاری ئێستات بەرەو ئەنجامێکی خۆش و جوان ڕێگە دەگرێ، دڵت کراوە بێ و خەم مەخۆ، پێویستیت بە سەرنج و ڕوانینت سەبارەت بە زۆر بواری گرنگی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەست ئەکەی لەناکاو گۆڕانکاری گەورە لە ژیانت ڕوو ئەدات.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی کارەکانت بەرەو هەنگاوێکی باشت بڕیەو و ئەمەش وادەکات ببێتە هەنگاوێکی تایبەت لە ژیانتدا، کارەکانی ئێستات بەرەو دواتر دوا مەخە و دڵت کراوە بێ بۆ ئەو کێشانەی بۆت دروست دەبێ.ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ نزیکترین کەست وەك جاران بەهێز نییە و یەکترتان زۆر خۆشناوێت




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کاتێکی داهاتووت بەرەو چەند خۆشییەك دەبن و لە دڵی ئەو کەسە بگەکە ماوەیەکە هەڵە تێتگەیشتووە و بۆیە دەبێ کراوەیی و کاری خۆت بە جوانی بەڕێوە ببەی، شێوازی ئێستات باشە و لەسەر ئەو کارەت بەردەوام بە،بەشێوەیەك کە چاوەڕوانت نەدەکرد سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست دەهێنیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی و بێزاری دەکەی، پێویستە کاری ئەمڕۆت ببێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنت لە داهاتوو، کاتەکان تەرخان بکە و شێوازی ئێستات بەرەو ئاییندەیەکی کراوە و جوان دەچێ. ڕێگەی چارەسەری کارەکانت ئاسانە و تەنیا بیرکدنەوەی دەوێ. چەند زانیاریەکی نوێ دەزانیت و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر نهێنیت بۆ ئاشکرا بێت



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

نابێت گشت نهێنیەکانت باس بکەیت تەنانەت بۆ نزیکتریت کەست، لەداهاتوودا پەشیمان ئەبیتەوە لەبەر ئەوەی مەرج نییە ئەو کەسەی خۆی بە هاوڕێیەکی نزیك پیشان ئەدات بەڕاستی تۆی خۆشبوێت.




# شاجوانەکانی ئێستا و ئەوانەی پێشوو

پێشبڕکێ شاجوانی جیهان یەکێکە لە پێشبڕکێ ساڵانەکان بۆ دەستنیشان کردنی جوانترین خانم لە جیهان، بۆ ئەوەی تاجی شاجوانی جیهان یان گەردوون لەسەر سەری دابنرێ، پێشبڕکێی جوانکاری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان، کە سەرەتا بیرۆکەیەکی بچووك بوو لەوەی کچە جوانەکان خۆیان نیشان بدەن، تاوەکو کوڕە گەنجەکان بە نیازی هاوسەرگیری هەڵیبژێرێت و بیکاتە بە هاوسەر، ئەوەی لەم وێنانە دەیبینن بەشێکە لە پێشبڕکێی شاجوانی کە لە ساڵانی پێشوودا دەرکەوتووە، جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو پێشبڕکێیانەی لەم سەردەمەدا ئەنجام دەدرێن.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێرسوار) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی هێمن-کەسێکی شەیتان)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەنجامی کارێك چی بە دەگوترێ، یان ئەنجامیداروبەر)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (خودا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سرووشتییە هەستی پێدەکەیت و نایبینیت)

